# رۆژنامە نووسان پەراوێز خراون، یان خۆیان خستووەتە پەراوێزەوە؟

**ئامادەکردنی :**
**چالاك عەبدولباقی ـ كفری**

سەرنووسەری رۆژنامەی خۆرنەوەزان: حکومەت هێشتا کەمتر گوێ بە رۆژنامەنووسان دەدات و کەمتر گوێیان لێ **دەگیرێت.**

**سەرنووسەری رۆژنامەی زەنگ: رۆژنامەنووسان تا ئەو رادەیە ئازادن کە دڵی دەسەڵات و مەسئول و کاربەدەستە** بەرێزەکان! لە خۆیان نەرەنجێنن.

**سەرنووسەری رۆژنامەی کەنار: ئەم دوو دەسەڵاتەی ئێمە رۆژنامەوانی فەقیریان دەوێت، کە دەس بۆ کاشی کۆشکەکانی** دەسەڵاتیان نەبات.

**هاشم سالح** پەیامنێری رۆژنامەی ئاسۆ لە کفری، هۆکاری نەبوونی رۆڵی رۆژنامەنووسانی لە گۆڕینی بارودۆخی سیاسیی کوردستان گەڕاندەوە بۆ ئەوەی کە دەسەڵاتی سیاسی لە کوردستاندا باوەڕی نە بە ئازادی هەیە و نە بە دەسەڵاتی چوارەم، کە ناوی رۆژنامە و راگەیاندنە، چونکە ئەم دەسەڵاتە (دەسەڵاتی چوارەم) قسە لە سەر کەموکورییەکانی ئەو دەسەڵاتانە دەکات و دەیانخاتە روو، بۆیە ئەوانیش ئەم دەسەڵاتەیان بەلاوە پەسەند نییە، کە پەسەندیش نەبوو بەلایانەوە گوێڕایەڵی نابن. لەم حاڵەتەشدا کە دەسەڵات گوێبیستی رۆژنامەکان نەبوو، ئەو کاتەش نە رۆژنامە و نە رۆژنامەنووسانیش هیچ کاریگەرییان نابێت. ماموستا کە (15) ساڵە کاری رۆژنامەنووسی دەکات، پێی وایە لەگەڵ ئەوەشدا رۆژنامەنووسان خودی خۆیانیش هۆکارێکی دیکەن بۆ ئەوەی کاریگەری و رۆڵیان نەبێت لە گۆڕانگارییە ساسییەکاندا، چونکە رۆژنامەنووس دەبێ ئازاد بێ و بە ئازادیش بنووسێ، ئەمەش دەتوانم بڵێم زۆر لاوازە و هەندێ جار بوونیشی نییە، چونکە بە شێوەیەکی گشتی رۆژنامەنووسەکانی ئەمڕۆ پاشکۆی حیزبە سیاسییەکانی نێو دەسەڵاتن، بۆیە پێم وایە ناتوانن کارامە بن و کاریگەریشیان هەبێت و بە شێویەکی بابەتیانەش قسە لە سەر گوڕانگارییەکان بکەن و رۆڵیان لە رەوتی گوڕاندا هەبێت بۆ ئایندەش، ئەگەر لەم چەشنەی ئیستە کار بکەن.

**هیمن بابان رحیم** پەیامنێری رۆژنامەی هاوڵاتی لە کفری، سەبارەت بە پەراوێزخستنی رۆژنامەنووسان لەلایەن دەسەڵاتەوە پێ وایە دونیای راگەیاندن لە دوو لایەن و دوو ئاراستەدا چەقی بەستووە: ئاراستەیەك ناوی دەنێن نێرەر واتە (بەگوێداخوێنەر)، رۆژنامەنووس، دەزگای رۆژنامە. ئەوەی دیکە پێ دەوترێت وەرگر (بیسەر) حکومەت، دەسەڵاتی رەخنەلێگیراو، کە هەریەك لەو دوو رەگەزە پەیوەندییەکی بەهێزی گرێدراون بە یەکترەوە و دەکرێ بووترێ کار و کاردانەوەیە. لێرەشدا و لەم وڵاتەدا هیچ شتێك رەوتی راستەقینەی خۆی نەگرتووە و رێرەوی شتەکان تەواو ئاڵۆز بوون، دەبینی رۆژنامەی راستەقینە هەیە، رۆژنامەنووسی راستەقینە و راگەیاندنی راستەقینە هەیە، بەڵام حکومەت گوێ شل ناکات و بگرە هەر کەڕ و لاڵێشە لە ئاست گۆڕان و رووداوەکاندا. ماموّستا کە (8) ساڵە کاری رۆژنامەنووسی دەکات، درێژی دا بە قسەکانی و گوتی: ئەوەتا بە راشکاوی گەندەڵییەکان، ناجوانییەکان، سیخوڕییەکان دەخرێنە روو، کە چی دەسەڵات هەر بێزیشی نایە  رێز و حورمەت ببەخشێتە راگەیاندن و، گوێیان لێ ناگرێت، ئەمەش دەکاتە ئەوەی رۆژێك رۆژنامە و رۆژنامەنووسی لە رەوت و ئەجێندای خۆی لابدات و بەرەو ئاکارێکی دی مەترسیدار بێت و پەی بۆ هەندێ شتی ناشەرعیش بەرێت و تەعەدا بکاتە سەر مافی بەرامبەر، بەڵام نابێ بیریشمان بچێت کە لای ئێمە مەسئول و بەرپرس و عەشیرەت و خێڵ و حکومەتیش زۆر جار تەعەدایان لە رۆژنامەنووس کردووە و تێیان هەڵداوە!! واتە پێویستە ئێمە رۆژنامە و رۆژنامەنووسان و راگەیاندنەکان زیاتر بەئەکادیمی و زیرەکتر بکەین و پێویستیشە حکومەت لە رۆژنامە لا بکاتەوە و بە دوای هەواڵ و بڵاوکراوەکاندا بچێت تا بەو پێیە سنوری هەر دوولا تەواو بکات و راستییەکانیش لێڵ نەبن.

**سامان کەریم** سەرنووسەری رۆژنامەی زەنگ، سەبارەت بە ئازادیی کاری روژنامەنووسی رای وایە کە رۆژنامەنووسان تا ئەو رادەیە ئازادن کە دڵی دەسەڵات و مەسئول و کاربەدەستە بەرێزەکان(!) لە خۆیان نەرەنجێنن. ئازادییەکی سنور بۆ کێشراو هەیە بۆ کاری رۆژنامەنووسی لە کوردستاندا، رۆژنامەنووس ناتوانێت لەو سنورە دەربچێت، چونکە رەنگە دەیەها گێچەڵی بۆ دروست بگرێت. ماموّستا کە (9) ساڵە کاری رۆژنامەنووسی دەکات پێی وایە لە ماوەی رابردوودا ئەوە باشتر دەرکەوت کە ئەو ئازادییەی لە کوردستاندا گوایا بۆ رۆژنامەنووس هەیە تەواو بەرتەسك کراوەتەوە و بایی دەربڕینێکی بوێرانەی تێدا نەماوەتەوە.

**ئاری عوسمان خەیات** بەرێوبەری نووسینی رۆژنامەی خۆرنەوەزان،  سەبارەت بە کاریگەریی رۆژنامەنووسان لە سەر گۆڕینی بارودۆخی سیاسیی کوردستان گوتی: بابەتەکە زۆر گشتگیرە، بەڵام دەتوانین لە روانگەیەکی پچووکترەوە ئێمە قسەی لە بارەوە بکەین. رۆژنامەنووسانی لای ئێمە بە خۆشمەوە ئەوەندەی کاریگەریی حیزب و تەڵقینمان بەسەرەوەیە، ئەوەندە نەمانتوانیوە سەربەخۆیانە بیر بکەینەوە، واتە دەتوانین بڵێین بارودۆخی سیاسیی **کوردستان کە حیزبەکان بەشێکی گەورەن** لە دروستکردنیدا، رۆژنامەنووسانیش هەمان رۆڵی حیزبییانەیان بینوە (هەندێ حاڵەتی جیاوازی لێ بەدەرە). **ئاری** کە (6)

ساڵە كاری رۆژنامەنووسی دەكات، پێ وایە تاكو هەنووكە رۆژنامەنووسان نەیانتوانیوە بە پێچەوانەی دیدی سیاسییەكان لە رووداوەكان بنوارن، هەتا سیاسییەك هەڵوەستە وەرنەگرێ لە بارودۆخێكدا، كەم جار نەبێ رۆژنامەنووسانی ئێمە نەیتوانیوە خاوەنی ئەو رۆڵە بن، بۆیە پێم وایە ئەگەر گۆڕانی بنچینەیی لە بارودۆخەكەدا روویدابێ، رۆژنامەنووسان كەلێنی كەمیان لێ پڕ كردووەتەوە.

**بێستون ژاڵەیی** سەرنووسەری رۆژنامەی كەنار، خوێندنەوەیەكی تری هەبوو بۆ هۆكاری نەبوونی رۆڵی رۆژنامەنووسان لە گۆڕینی بارودۆخی سیاسیی كوردستاندا. ئەم پێی وایە هۆكاری سەرەكی ئەمەیە كە دوو حیزبە دەسەڵاتدارەكەی كوردستان مامەڵەی مەدەنی لە گەڵ دەسەڵاتی میدیادا ناكەن، ئەوان رۆژنامەی سەلار و بەناو رۆژنامەوانی فەقیریان دەوێت كە دەست بۆ كاشی كۆشكەكانی دەسەڵاتیان نەبات، ئەنجا ئەو رۆژنامەنووسانەش كە تەنانەت لە بواری میدیای ئەهلی و ئازادیشدا كار دەكەن، بەشی زۆریان هەر ئەوانەن كە لە ئۆرگانە ئیعلامییەكانی حیزبەكانەوە هاتوون، ئیدی ئەمانیش كە رۆژگارێك كوڕ و كچی گوێڕایەڵی حیزب بوون و دەیان وانەی گوێڕایەڵیان خوێندووە، ئەم پەروەردەیە بەشێك لە پێكهاتەی دەروونی و هۆشیاریشیانە. بێستون كە (15) ساڵە كاری رۆژنامەنووسی دەكات، بە بڕوای ئەو رۆژنامەنووسان بۆ ئەوەی رۆڵی خۆیان ببینن، دەبێت دەیان كۆمپانیای میدیایی و دامەزراوەی مەدەنیی سەربەخۆ و سەدان رێكخراوی (NGO)مان هەبێت و رۆژنامە و رۆژنامەوان لە باوەشی حیزب و حكومەتدا نەمێننەوە.

**بێستوون سەلام** كە (5) ساڵە كاری رۆژنامەنووسی دەكات، گوتی: ئێمە پێش ئەوەی قسە لە سەر ئازادیی رۆژنامەنووسی و رۆژنامەگەری بكەین، دەبێت بپرسین لەوەی ئێمە تا چەند خاوەن كۆمەڵگایەكی ئازادین؟ ئایا ئەو رۆژنامە و گۆڤارانەی كە ئازادانە دەردەچن، تا چەند سانسۆر خراوەتە سەریان لەلایەن دەسەڵاتەوە؟ ئەو رۆژنامەنووسە بوێرانەی كە پشت لە دەسەڵاتن كێ دڵنیایی ئەوەیان دەداتێ كە ژیانیان پارێزراوە؟ دەرچوونی ئەو رێژە كەمەی رۆژنامە و گۆڤارەكان بە ئازادی ئەوەمان نیشان نادات ئێمە لە ئازادییەكی رەهادابین، بەڵكو ئەمە دەرئەنجامی قۆرخكردنی كۆمەڵە دەنگێكی بوێرانەیە كە دەسەڵات رێگرییان دەكات و ئەوانیش مینبەرێكی ئازاد هەڵدەبژێرن، هەر بۆیەش دەسەڵات لەلایەن دەسەڵاتخوازەكانەوە ئەو كائینە موقەدەسەیە كە كەس نابێت بەردی تێ بگرێت. دەنووسین.. ئازادین، رەخنە دەگرین.. ئازادین، بەڵام ئەوەی ئێمە مەبەستمانە تێڕوانینی دەسەڵاتە لە سەر ئەوەی رۆژنامەنووسێك دەیڵێت، بۆیە زۆر جار رەخنەكان لە دەسەڵات دەچێتە خانەی رق لێبوونەوە و دژایەتیكردنی رۆژنامەنووسان، لە كاتێكدا وەكو "مەریوان وریا قانع" دەڵێ:(سیاسییەك دەتوانێت بڕیاری گرتنی رۆژنامەنووسێك بدات ...) ئیتر دەبێت كۆ كۆیلەی دەسەڵات بەوەی هێمای بۆ دەكات، كە ئەمەشیان سیفەتی رۆژنامەنووسی ئازاد و بوێر نییە.

**سەلاح گەرمیان** سەرنووسەری رۆژنامەی خۆرنەوەزان كە (15) ساڵە كاری رۆژنامەنووسی دەكات، هۆكاری نەبوونی رۆڵی رۆژنامەنووسان لە كوردستاندا لە دوو خاڵدا كۆ دەكاتەوە:

1- دیارە ئەمە بۆ خۆی پرسیارێكی گرنگە و وەڵامدانەوەی شتێكی ئاسان نییە، چونكە ئەمە پەیوەستە بە كۆمەڵێك فاكتەری ناوخۆیی و دەرەكییەوە، باشووری كوردستان بە چەندین قۆناغی دژوار و ئاڵۆز و جۆراوجۆردا تێپەڕیوە و گۆڕانكاریی بەردەوام لەم بەشەی كوردستاندا روویداوە، كورد لەچاو ئەو وڵاتانەی كە دەیان ساڵە سەقامگیری و هێمنییان بەخۆوە بینیوە، هێشتا نەك ساوایە، بەڵكو تازە پێی ناوەتە ناو بازنەی ژیانەوە. ئەو وڵاتانەی كە رۆژنامە تێیاندا دەسەڵاتی چوارەمە و رۆڵی كاریگەری هەیە لە گۆڕانكارییەكاندا، خاوەن دەیان ساڵ ئەزموونن و بە زۆر هەوراز و نشێودا تێپەڕیان كردووە، ئەزموونگەلێكیان هەیە لەو بوارەدا و قۆناغ بە قۆناغ گەیشتوونە بەم ئاستەی ئێستایان، دیارە ئەو وڵاتانە هەر لە سەرەتاوە رۆژنامە تێیاندا دەسەڵاتی چوارەم نەبووە، كە ئێستا هەیانە، نەك هەر ئەوەندە، بەڵكو لە زۆر وڵاتی وەك ئەمریكا و بەریتانیا و ئەڵمانیا، زۆر جار بووە لەبەر نووسینێك سەرۆكێك یان وەزیرێك یان كاربەدەستێكی گەورە رووبەڕووی دادگا و یاسا و لێپێچینەوە كراوەتەوە، بەڵام ئایا ئەو وڵاتانە یەكسەر گەیشتوونەتە ئەو قۆناغە؟

2- لە باشووری كوردستان هەم خەڵكی و هەم حكومەتیش هێشتا تەواو لە بنەماكانی مافی مرۆڤ و ئازادییەكان و دیموكراسی نەگەیشتوون. رۆژنامە و رۆژنامەگەری لەچاو میللەتانی دیكەدا لە لای ئێمە شتێكی نوێیە، ئێمە كەی توانیمان دەسەڵاتەكانی یاسادانان و جێبەجێكردن و دادوەری لە یەك جیا بكەینەوە، كەی توانییمان كۆمەڵگایەكی مەدەنی بنیات بنێین و لە چەمكەكانی ئازادی و دیموكراسی و حوكمی یاسا تێبگەین، كە دەسەڵاتی چوارەم چەسپا، ئەوسا دەتوانین باسی رۆڵی رۆژنامە و رۆژنامەنووس بكەین لە گۆڕینی كۆمەڵگادا لە هەموو رووەكانەوە، نەك تەنها لە رووی سیاسییەوە، كۆمەڵگای ئێمە كۆمەڵگایەكی حیزبییە نەك كۆمەڵگایەی مەدەنی، حیزب دەتوانێ زۆر شت بكات. ئەمە لەلایەك.. لەلایەكی دیكەوە ئاستی هۆشیاریی گۆمەڵگای ئێمەش نەگەیشتووەتە ئەو رادەیەی كە رەخنە و نووسین قبووڵ بكات، هەروەها رۆژنامەنووسان لای ئێمە زۆربەیان دابەشی سەر حیزبەكان بوونە و زیاتر بەلای حیزبدا دەیشكێننەوە و حكومەتیش هێشتا كەمتر گوێ بە رۆژنامەنووسان دەدات و كەمتر گوێیان لێ دەگیرێت..

.......................................................................